# هەفتەنامەی فیدراسیۆن

ژمارە 13

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQ REFUGEES-IFDR www.federasion.org

هەفتەنامەی فیدراسیۆن ، بلاوکراوەیەکی هەفتانەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

3 ی شوباتی 2008


## چالاکیەکانی فیدراسیۆن لە سویسرا

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە سویسرا بڕیاری خۆپیشاندان و مانگرتنیکی چەند ڕۆژی دەدەن لە سویسرا !**



**فیدراسیۆن ئامادەی هەموو ئاسانکاریەکە بۆ پەنابەرانی کورد و عێراقی لەکەندا**



## لە سوریا دۆزەخی ئاوارە عیراقەیەکانەوە ، پرسیارێك

سووریا یەکێک لەو ولاتانەی سنووری عیراقە کە بەتایبەت دوابەدوای لێدانی عیراق و ڕووخانی حکومەتی بەعس کە زۆرترین ڕێژەی پەنابەرانی عیراقی ڕووی تیکردوە کە نزیکەی یەک ملیون ونیو لەخەلکی عیراقە. بەلام ئەوەی کە ئایا ژیان و گوزەرانی ئەم ئینسانە چوونەو لە چ ئیمکانات و مافێکی پەنابەری بەهرەندبوون حکومەتی سوریاو یوئین وڕێکخراوە بەرپرسەکان چۆن مامەلە لەگەل ژیان وچارەنووسی ئەم ئینسانانەدا دەکەن وتا چ ڕادەیەک پەنابەران لەم ولاتەدا هەست ئاسایش و ژیانێکی باشتر دەکەن باس وبابەتیکە کە چاکتروایە بۆئاوردانەوە لەگۆشەیەکی ئەمباسە لە کلاوڕۆژنەی ئەم بابەتەوە سەرنج بدەین و بەدوای وەرگرتنەوەی وەلامی ئەم پرسیارانە بگەڕین. جیگەی خۆیەتی بەرلەوەی کە بچینە نیوباسەکەوە ئەوە پشت ڕاست بکەینەوە کە مەبەستی ئێمە لە نووسینی ئەم بابەتە تەنیا خستنەڕووی گۆشەیەک لەنەهامەتیەکانی ئەم ئینسانانە نیە، بەلکو هاوکات سەرنج ڕاکیشانی سکرتاریەتی فیدرسیۆن وهەلسوڕاوانە بۆ ئەوەی لەڕیگەی دەخالەت وکارکردن ڕوو بە سوریاوە بتوانری گۆرانیک لە ژیانی ئەم ئینسانانەدا پیکبهینریت. ئەمە جیاواز لەوەی کارکردنی فیدراسیۆن لەنیو ئەم ڕیژە بەرچاوەی پەنابەرانی عیراقدا گرنگیەکی لە ڕادەبەدەر بەرچاوی هەیە بۆ بەهیزکردنی ئەم ڕیکخراوە بەشیوەیەکی گشتی.

کە دیارە فیدراسیۆن لەمبارەوە پیویستی بەنەخشەیەکی وردوو دەخالەتگەریەکی جدی.

سەرەتا بۆ ئاوڕدانەوە لە گۆشەیەکی ژیانی پەنابەرانی عیراقی لە سوریا خستەڕووی بەشیک لە ڕاپۆرتیکی بی بی سی وبەدواچونیکی ڕۆژنامەی ئەلحەیات لەبارەی دۆخی ژیانی ژنانی پەنابەری عیراقی لەسوریا گرنگەو جیگەی ئاماژە پی کردنە.

......... Dبۆ لاپەڕە 3


سەردانی مالّ پەڕی فیدراسیۆن بکەن : www.federasion.org

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## فیدراسیۆن ئامادەی هەموو ئاسانکاریەکە بۆ پەنابەرانی کوردو عێراقی لەکەندا

جەلال سەعید بەرپرسی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لە کەندا ڕای گەیاند لەکۆبوونەوەی ئەمرۆیاندا لەگەڵ ڕێکخراوی (Candian Lutheran Church) ئامادەی خۆیان بۆ هەموو ئاسانکاری و یارمەتی یەک دەربریوە بۆ پەنابەرانی کوردو عێراقی ئەگەر ڕێکخراوی ناوبراو بتوانن ڕێژەی سپانسۆری پەنابەرە عیرقیەکان زیاد بکەن.

لە وەلآمدا هەمان ڕێکخراو پێشنیارەکانی فیدراسیۆنیان پەسەندکرد، هەروەها جەلال سەعید ووتی تا ئێستا فیدراسیۆن 20 کەیسی بۆ هێنانی پەنابەرانی عێراقی پێشکەشکردوە کەڕێکخراوی ( Candian Lutheran Church سپانسۆری کردون و فیدراسیۆن ئەندامە لەڕێکخراوی ناوبراودا.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە جەلال سەعید بەژمارە تەلەفون و ئیمیەلەوە:

iraqifederation@yahoo.ca

تەلەفون :0015198411816

ئایا لە خۆمان پرسیوە کە ئاخۆ بۆ ڕزگارکردنی ژیانی هەزاران پەنابەری کوردو عیراقی کە ئەمڕۆ لەژێر هەرەشەی دیپۆرتکردنەوە دەبێت چی بکەین؟ ئایا لەخۆمان پرسیوە کە بۆ ڕزگارکردنی پۆل پۆلی پەنابەران لە گرتووخانەو زیندانەکاندا دەبێت چی بکەین ؟ ئایا لە خۆمان پرسیوە کە بۆ هاوکاری کردنی هەزاران پەنابەری کوردو عیراقی کە ئەمڕۆ لە ولاتانی سوریا، ئوردن، ئیران، تورکیا و گەلیك لە ولاتانی تری خۆرهەلاتی ناوەراستدا دەبێت چی بکەین وچۆن ویژدا نمان ئاسوودە بکەین لەبەرامبەر بە دەریاك ئازارو نیگەرانی ئەم ئینسانانەدا ؟

سەرەکیترین هەنگاوی کاریگەر لەمبارەوە ڕێکخراو بوون وهاتنەمەیدانی هێزی یەکگرتوومانە،کەواتە بەپەیوەست بوونتان بە فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی خۆتان لەو شانازیکردنە بەهرەمەند بکەن وببنە ئەندامی ئەم ڕیکخراوە .

## چالاکیەکانی فیدراسیۆن لە سویسرا

ڕۆژی یەکشەممە 2008/01/13 ئەحمەد عەلی سکرتیری فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە سویسرا لە کەمپی پەنابەری شڤیرتزن باخ کۆبوونەوەیەکی لەگەل بەشێکی بەرچاو لە پەنابەرانی کوردو عیراقی سازکرد . شایەنی باسەکە ئەم کۆبوونەوەیە لەلایەن حیسام عەلی و نەجات وەرێکخرابوو بەبەشداری لە کەمپەکانی دەوروبەری ئەم ناوچەوە هاتبوون و لە شوێنی کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوون . سەرەتای کۆبوونەکەوە ئەحمەد عەلی پێناسەی فیدراسیۆنی کرد و دواتر چووە سەر مێژووی چالاکی و هەلسوڕانەکانی فیدراسیۆن لە سویسرا . دوای ئەمەش باسی لە هەرلومەرجی ترسناکی عیراق و پەنابەرانی عیراقی بە گشتی لە دەرەوەو بە تایبەتش لە سویسرا کرد و سیاسەتی دەوڵەتی سویسرای دایە بەر ڕەخنە پاشان داوای لە پەنابەران کرد کە جدیتر لە پێناوی ماف و ئاییندەی خۆیانا بێنە مەیدان و لەگەڵ فیدراسیۆن هەوڵبدەن بەر بە سیاسەتی وەحشیانەی دەوڵەتی سویسرا بگرن. دواتر ئامادە بووان بە سەرنج و پرسیارەکانی خۆیان درێژەیان بە کۆبوونەوەکە کە پاش دوو کاتژمێر کۆتایی پێهات .

b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b b

ڕۆژی یەکشەممە 2008/01/20 لەشاری زوریخ سکرتاریەتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەسویسرا کۆبوونەوەی ئاسای خۆی بەست. لەم کۆبوونەوەیەدا کە زۆرینەی ئەندامانی سکرتاریەت و 25 میوان ئامادەبوون. سەرەتا ڕاپۆرتی چالاکیەکانی دەورەی ڕابردوو لەلایەن ئەحمەد عەلی سکرتیری فیدراسیۆنەوە پێشکەشکرا. دوای ئەوەش هەلسەنگاندنی دەورەی ڕابردوو لەلایەن جەمال کۆشش و ئەحمەد عەلی یەوە خرایە ڕوو ، کە بەگشتی دەورەی ڕابردو سەرەرای هەر کەم و کورییەک بە دەوریەکی پڕ کارو سەرکەوتوو لە قەڵەمدرا و دواتریش بەشداربووان سەرنج و ڕەخنەکانی کانی خۆیان خستە بەردەم کۆبوونەوەکە . دوای ئەمەش نامەی وەلامی وەزارەتی کاروباری پەنابەری سویسرا لەلایەن ئاسۆ جەبارەوە خوێندرایەوە ئاسۆ بۆ ڕۆشنکردنەوەی زیاتر نامەکە و هەڵسەنگاندنی قسەوباسی کرد.

شایانی باسە کۆمەڵێک پەنابەری عەرەبی عیراقی لەم کۆبوونەوەدا بەشداریانکرد کە فازل عسمان باسەکانی بۆ دەکردن بە عەرەبی، بەشێکی تری کۆبوونەوەکە پرۆژەو کاری داهاتووی فیدراسیۆن وبریارەکان بوو. سکرتاریەتی فیدراسیۆن بریاریدا کە لەمانگی 3 دا خۆپیشاندانێک بۆ بەردەم پەرلەمانی سویسرا و مانگرتنێکی چەند ڕۆژەی لەبەردەم وەزارەتی کاروباری پەنابەری سویسرادا ڕێکبخات. ئەمەو دوای زیاتر لە 5 کاتژمیر کۆبوونەوەکە کۆتای پیهات .

دەتوانن بەم ئیمەیل و ژمارە تەلفونە پەیوەند بکەن بە سکرتاریەتی فیدراسیۆنەوە لە سویسرا ahmadali525@hotmail.com
0788532004

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دریژەی ... **سوریا دۆزەخێکە بۆ ئاوارە عیراقەیەکان و پرسیارێك ....**

لەم راپۆرتەدا هاتووە کە دەلێ : دەیان گروپ شەوانە لە شەقامەکانی ناوچەی مرابا لە دیمشقی پایتەخی سوریا ڕیز دەبەستن...بۆ سەماکردن. کەزۆربەی سەماکەران کچانێکن تەمەنیان لەژێر20 ساڵەویە.. ئەوان سەما دەکەن تاخەڵکی دراو بڕژێنە سەر تریبونی سەماکردنەکە...گەورەترین کارەسات ڕووبەڕووی ئەو ژنانە دەبێتەوە کە لەڕووی مادیەوە دەبێ پارێزگاری لە خێزانەکانیان بکەن.. ڕفیف کچێکی 14ساڵەیە بەچاوە بێ گوناهەکان و مووە بەرزەوە بووکانی وا پێناچێت کە هەست بە قولای ئەو ئەزمەیە بکات کە بەرۆکی پێگرتووە، ئەو دەلێ من چوار براو سێ خۆشکم هەیە هەموویان خێزاندارن و لە بەغدادن، تەنیا من ودایکم و برایەکی بچوکم لیرەین. هیچ کام لە ئەندامانی خێزانەکەم نازانن کەمن بە چ کارێکەوە مشغولم... بەهۆی قەدەغەکردنی کارەوە دایکم ناچاربووە بەدوای کارێکی تردا بگەرێت ... ( ندا کە تەمەنی 16سالە دەلێ پاش ئەوەی کە کوڕە مامەکەم دەستی بەسەر کارتەکەمدا گرت باوکیشی منی بردە سنووری سوریا – عیراق بەرەلای کردم. دواتر 5 پیاوی عیراقی هاتن تەجاوزیان بە من کردو پاشان فرشتیانم بە ژنێک، ئەو ژنەش منی ناچارکرد بەوەی کە شەوانە بچم لەگەل ئە گروپانەدا کاربکەم... ندا ئیستە لەیەکێک لە مەرکەزە حکومیەکاندا چاوەڕوانی ناردنەوەیە. ندا دەلێ : ئێستە کە ئەوان دەیانەوێ ئێمە بگەڕێنەوە ، من هیچ کەسێکم لەوی نیە نیگەرانی سلامەتی خۆمم، من هیچ هیوایەکم نیە، بەدەوڵەتی سوریەمان وتووە کە ئێمە نامانەوێ بگەڕینەوە خێزانەکانمان ڕێگەی ئێمە ناکەنەوە. ئەمانە چەند گۆشەیەک لە ژیانی ژنانی پەنابەرانی عیراقی بوون لە سوریا کە تەنیا ریگەی ژیانی خۆیان و خیزانەکانیان بەهۆی لەشفرۆشیەوە دابین دەکەن. هەروەک یەکیک لەو کچەگەنجانە پێ بەجەرگی خۆیدا دەنی و دەلێ : (ئەمە تەنیا ڕیگەیە بۆ دابین کردنی بژیوی خیزانەکەمان .. بەوکم لە بەغدا کوژراوەو لیرەش پارمان بە دەستەوە نەماوە ..)هەموو ئەم کارەسات و ڕووداوانە لە کاتیکدا کە کۆمیسیاری بالای پنابەری پڕاوپڕ ئاگاداری مەرگەساتەی ژیانی پەنابەرانی ژنانە سوریا ، تەنانەت <u>لوران جولیس</u>، نوینەری کۆمیسااری پەنابەران دەلێ :(( ژنان وکچانی عیراقی بەرەزامەندی خۆیان وخیزانەکانیان بریاریانداوە لەبارو یانە شەوانەکاندا کاربکەن، تەنیا لەبەرئەوەی کەبتوانن بژێوی منداڵەکانیان و خێزانەکانیان دابین بکەن)) .

جیاواز لەهەموو ئەمانەش بێکاری وهەژاری و دابین نەکردنی بیمەو خزمەتگوزاریەکان وتەنانەت بێ بەشکردنی مندالان لە خۆیندن وفیربوون ودەسترانەگەشتنی پەنابەران بەلایەنی کەمی داودەرمان وپیداویستیەکانی تەندروستی و بەردایەک ژیانی بەم ئینسانانە تال کردوە کە پۆل پۆل ناچار بە گەرانەوەبن بۆ عیراق، هەروەک لە بەدواچوونەکەی رۆژنامەی حەیاتدا هاتووە کەبەپێی ڕاپرسیەک کەبەمدوایانە ئەنجامدراوە، **D D D** 46%ی عیراقییەکان لەبەر هەژەرای ولەبەر هەژاری ونەبوونی سوریا بەجێ دەهلێن و دەگەڕێنەوە بۆ عیراق هەروەها 26% هۆی گەڕانەوەیان تەواوبوونی وادەی ڤیزەو پاسپۆرتەکەیانە. ئەمە جیاواز لەوەی کە سوریاو ئۆردن کۆمەلێک مەرجی سەخت وگرانیان داناوە بۆمانەوەی پەنابەران، لەوانە وەرگراتنی ڤیزاو دانانی رەسیدی پارە لەبانک کە دیارە ئەمە ڕۆلێکی بەرچاوی هەبوو لە کەمکردنەوەی پەنابەران لەم دوو ولاتەدا. کۆمسیۆنی بالای پەنابەران سەربە نەتەوە کگرتوەکان رایگەیاند کە یەکێک لە هۆکارەکانی کەم بوونەوەی کۆچکردن بۆ دەرەوەی ولات پەیرەوکردنی مەرجی وەرگرتنی ڤیزایە بۆ چوونە ناوەوەی عیراقیەکان بۆ ولاتان. ئەمە با پەرەپیێدان و زیادبوونی لەڕادەبەری توندوتیژیش وەک یەکێکی تر لە کارەساتەکانی بەردەم پەنابەرانی عیراقی لەولاوە ڕاوەستێ کە کار بەوشوێنە گەشتووە کە کۆمسیۆنی بالای پەنابەران سەربە نەتەوەکگرتوەکان لەبەرواری 2008/1/22 ڕایگەیاند کەلە هەر 5 پەنابەریکی عیراقی لەسوریا یەکێکان ڕووبەرووی توندوتیژی ولێدان دەبێتەوە تەنانەت سزاو ئەشکەنجەو کارەبالیدان لەلایەن هیزە ملیشیاکانەوە).

ئێستە ئەگەر سەرنجێکی ئەم بابەتەوە بدەین و دەورو هەلوێستی ( یوئین ) وەک ئورگانێکی نیودەولەتی ؛؛بەرپرسی؛؛ ڕاستەخۆی ژیانی هەموو پەنابەران دەبینین ودەزانین کە بەچ ڕادەیەک لەخەم ساردیەوە هەلوێستدەگرن و تەنانەت چۆن خۆیان بەدووردەگرن لە وەلامدانەوەو ڕێگرتن لە هەموو ئەو هۆکارانەی کە ئەمڕۆ هەزاران پەنابەری عیراقی لەسوریا بەهۆیانەوە ڕەنجدەبەن و ناچاربە لەشفرۆشی دەبن وتەنانەت نووێنەرانی ئەم ڕێکخراوە لەبەرامبەر ئەم حالەتە واتە مومارەسەکردنی سیکس لەپێناوی مانەوەو ژیان لەقەلەم دەدات ودەلێن: (( ئەم دیاردەیە هەولێکی بیهودەی ژن و کچە پەنابەرە عیراقەیەکانە بۆ درێژەدان بە ژیان لە تروگەدا )). کەواتە ئاخۆ دەبیت دەوری بەرپرسیانەی ئەم ریکخراوە چی بیت لەبەرامبەر بەم ڕووداوانەوی ڕۆژانە جیاواز لە شانخالی کردنەوە .

ڕەنگە زۆر پێویست نەکات کە باس لە مامەلەی حکومەتی سوریا و حکومەتی عیراق بکەین چونکە جیاواز لەوەی کە پێشتر لەمبارەوە چەند بابەتیکمان هەبوو هەروەها بەلای هەموومانەوە ڕۆشنە کە پەنابەر تەنیا کارتێکی سیاسی وئابوریەو تادواین ئێستگە بەدوای سوودوەرگرتن و بەهرمەندبوون لەم ( کارتە ) .

لەسوریای دۆزخی ئاوارە عیراقیەکانەوە پرسیار ئەوەیە کە ئایا فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی وەک ڕێکخراوێکی بەرپرس لەبەرامبەر ژیانی ملیونەها پەنابەردا، چ جیگەو ڕێگەیەک بۆخۆی قایل دەبێ لەپەیوەند چارەنووسی ئەم ئینسانانەدا کە قوربانیانی ڕاستەخۆی شەڕوکوشتارو داگیرکاری ونائەمنی سیاسی، کۆمەلایەتی وئابورین؟ وە ئایا فیدراسیۆن لەمبارەوە دەبیت چ جۆرە کارو ئەولەویەتیک بخاتە دەستوورکاری خۆی و لەڕیگەی چ میکانیزم وکەنالێکەوە بچێتە ئەم مەیدانەوە بێتە ئۆرگانیکی کاریگەر لەژیانی ڕۆژانەی پەنابەرانی عیراقی لە سوریا؟ لەمبارەوە سەرنجتان بۆ بەشی دوومی ئەم باسە ڕادەکێشین لە ژمارەی داهاتووی هەفتەنامەی فیدراسیۆندا ! ڕێبوار عارف 1 / 2 / 2008

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# ASO TV

ئاسۆ تی ڤی میبەری داکۆکییە لەماف و داخوازیەکانی پەنابەران ، ئاسۆ تی ڤی دەنگ و رەنگی بەرەی پیشکەتووخوازی کۆمەلگایە لە پیناو کۆتایی هێنان بە دەردو میحنەتەکانی پەنابەریتی تیدەکۆشیت، ئاسۆ تی ڤی هەول دەدات لەرێگەی بلاوکردنەوەی بەرنامەکانییەوە پشتیوانی و هاوکاری بۆ کێشەکانی پەنابەران رابکێشیت . ئاسۆ تی ڤی میبەری داکۆکی کردنە لە مافەکان ژنان و مندالانی پەنابەرو تیدەکۆشێت بۆ تێکەڵ بوون بە دەسکەوتەکانی کۆمەلگاتی هاوچەرخ . ئاسۆ تی ڤی ئاسۆی پەنابەران و بزوتنەوەی پەنابەرییە .

ئاسۆ تی ڤی دەنگی ئیوەیە هاوکاری و پشتیوانی بکەن .

بەرنامەکانی ئاسۆ تی ڤی رۆژانی

سێ شەممە 11.30 بۆ 12.00

14.30 بۆ 15.00 بە زمانی عەرەبی .

14.00 بۆ 14.30

17.00 بۆ 17.30 بە زمانی کوردی

رۆژانی چوار شەممە بەرنامەکان دووبارە دەکرینەوە

دەتوانن بەرنامەکانی لەسەر ئەم ئادرسە تەماشا بکەن .

**Satellite**
**Hotbird 8:**
**Orbital Position: 13 degrees Eas**
**Transponder: 14**
**Downlink Frequency: 11 470**
**Downlink Polarity: Vertical**
**FEC: 5/6**
**Symbol Rate: 27,500**

بۆ پەیوەندی کردن بە ئاسۆ تی ڤی یەوە بەژمارە تەلەفون و ئیمەیلە بکەن

**00447895636633**
**Aso_tv@yahoo.com**

## دەتوانن پەیوەند بکەن بە سکرتاریەتی فیدراسیونەوە

**دەشتی جەمال**
d.jamal@ntlworld.com
**جەمال کۆشش**
jamal-hasan@hotmail.com
**بابان عسمان:**
badasoz74@hotmail.com
**جاسم غفور**
jasm_rg@yahoo.couk
**عمر ئەمین**
omaramin8@hotmail.com
**ئاسۆ گۆران :**
asobalabarz116@hotmail.com
**سۆزان حسین :**
irakco@hotmail.com
**رێبوار عارف :**
fediraq@welho.com

## ناونیشانی پۆستی سکرتاریەت

**IFIR:PO.BOX1575,ILFOD, IG1 3BZ, LONDON UK**
" " " " " " " " " " " "

**هەفتەنامەی فیدراسیون بخوێننەوەو بیگەیەنن بەدۆستان وئاشنایانی دەوروبەرتان، راپۆرت و هەواڵ و چالاکیەکانی خۆتانی بۆ بنێرن و پرسیارو پێشنیارەکانتان بخەنەروو ، بەدڵنیای لەبەرچاویان دەگرین و وەلامیان دەدەینەوە !**

**سەرنووسەری هەفتەنامەی فیدراسیۆن**
**رێبوار عارف Tel: 00358 440464905**

### فۆرمی ئەندامیەتی لە فیدراسیۆن

**ناوی سیانی :**
**مێژووی لەدایك بوون :**
**ناوی شار و وولات :**
**ناونیشانی شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستە**
**ژمارەی تەلەفون :**
**ئیمەیل یا ژمارەی فاکس :**

**ئابوونەوەی ئەندامیەتی لە فیدراسیوندا سالانە بری 20 ئیرۆیە ئەگەر کەسێك بەهۆی بەهرەمەند نەبوونی لە بیمەی بیکاری یا گرفتی ئابووریەوە نەتوانێت ئابوونەوە بدات ، ئەوا دەکریت سکرتاریەتی فیدراسیون ئاگادارکاتەوە تا لە دانی ئابوونەوەی سالانەی فیدراسیون ببەخشرێت !**

**دەتوانم ئابوونەوەی سالانەی فیدراسیون بدەم R　ناتوانم ئابوونەوەی سالانەی فیدراسیون بدەم Q**

**کات و شوێنی داواکردنی ئەندامیەتی فیدراسیون　واژۆ**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com